# راگەیاندنی دەفتەری سیاسی

# کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

لـەم دواییانـەدا " مەجمـەعی تەشخیسـی مەسـڵەحەتی نیـزام " بـە سـەرۆکایەتی رەفسەنجانی گەڵاڵەیەکی ١١ مادەیی پەسەند کردووە کە بۆ تەئید و پەسەندی نیهایی ناردویانەتە لای خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی، هەتا بۆ بەڕێوە بردنی ئەم گەڵاڵە، وەك دەستووری کار بدرێتە نیهاد وئۆرگانەکانی سەرکوت وداپڵۆسین.

لەو گەڵاڵەیەدا بە روونی باس لە " بەربەرەکانێ لەگەڵ گروپە جیاخوازە چەکدارو غـەیرە چـەکدارەکان، بەربـەرەکانێ لەگـەڵ (( ضـد انقلاب )) لایـەنگری رووخـانی رژێـم، بـەڕێوە بردنـی چـاوەدێری زیـاتری ئەمنییـەتی وئیتلاعـاتی لـە لایـەن ئۆرگانـە پەیوەندیدارەکان و، بەڕێوە بردنی قانوون و یاسا شەرعی وئیسلامی‌یەکان و...هتد"، کـراوە. هـەر وەهـا لـەم چـەند رۆژەی رابردوودا " عـەلی یونسـی " وەزیـری ئیتلاعـات و ژمارەیـەك لـە ئیمـام جومعـەکان وکۆمـەڵێك ئاخونـدیتر، بەبۆنـەی جۆراوجـۆر " وەگەرخستنەوە" و بـەڕێوە بردنـی " بنـەما "ی ( امـر بـە معروف ونهـی از منکـر ) وەك ئەرکێکی شەرعی و پێویست و هەنووکەیی یان ناو بردووە.

جێگەی هیچ شك وگومانێك نی‌یە کە ئەم جموجوڵ وهەوڵانەی دەدرێن بە مەبەستی تونـد کردنـەوەی رەوتـی سـەرکوتی هێـزە ئۆپۆزیسـیونەکان، وەگەڕخسـتنەوەی سـەرلەنوێی دەزگـای تـیرۆر و قەتڵـە زنجیرەیی‌یـەکان، تونـدکردن و زیـاد کردنـی دەست تێـوەردانی پۆلیسـی لـە ژیـانی خوسووسـی خـەڵك ولاوان دا و، هێـرش بـۆ سـەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان وهێزە هەڵسووڕاوەکانی ناو ئەو بزووتنەوەیە بەڕێوە دەچێ.

هـەموو ئەوانـە دیاردەکـانی رەچـاوکردن و گرتنەبـەری دەورەیـەکی نـوێ لـە خـەتی سەرکوت وتیرۆرن.

قەیرانی ئابووری وسیاسی و قووڵ بوونەوەی ناکۆکی نێوان باڵەکانی رژیم، لە لایەکەوە، گشت دەسەلأتدارەتیی رژیمی ئیسلامی خستۆتە ژێر زەخت و گوشارەوە و لە لایەکیترەوە ترس ونیگەرانی لە ئاست نارەزایەتی وداخوازی‌یە روو لە زیاد بوونەکانی جەماوەر، جەستەی سەران ودەسەلأتدارانی کۆماری
ئیسلامی خستۆتە لەرزەوە. لەم بارودۆخەدا کردەوەی شێتانە و پشت بەستنی تەنیا بە زۆر و سەرکوت، دەتوانێ ئاسایی‌ترین دژکردەوەی ئەم دوژمنانەی خەڵك و ئازادی بێ.

کۆمەڵە بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ وەها هەل‌ومەرجێکدا، یەکەم:لەسەر پێویستی هاوئاهەنگی وهاوکاری نێوان هێزە هەڵسووڕاوەکانی بزووتنەوەی کوردستان وەك سەنگەرێکی راوەستاو و پتەو لە خەباتی ئازادیخوازانە و دێموکراتیك دا پێداگری دەکا و بۆ وەدیهێنانی هەرچی زیاتری ئەم هاوکاری‌یە تێدەکۆشێ.

دووهەم:لە بارودۆخی ئێستادا زیاتر لە پێشوو لە سەر پێویستی هاوکاری چڕوپڕ و هاوکاری و هاوخەباتی هێزە چەپ و ئازادیخوازەکان پێ دادەگرێ و، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەکرێ و دەاتوانرێ هەوڵ دان بۆ پێك هێنانی ئالترناتیوێکی بەرینی خەباتکارانە و دێموکراتێك بخرێتە دەستووری کارەوە و پێویستە ئەم ئەرکە وەك ئەرکێکی دەورەیی وتاکتیکی لەلایەن کەسایەتی، هەڵسووڕاوان و رێکخراوە چەپ وسۆسیالیستی‌یەکان لە ئێران ولە دەرەوەی وڵات، سەرنج وبایەخی پێ بدرێ.

بۆ بەرپەرچ دانەوە وتێکشکاندنی ئەم دوایین پیلانەی کۆماری ئیسلامی بە وەڕێ خستنی کەمپەینێکی بەرینی تەبلیغاتی و، پێکهێنان ورەخساندنی بواری هاوپشتی وهاو کاری خەباتکارانە ئەرکێکی هەنووکەیی هەموو لایەکە دڵ نیایین لە رەوتی بەرەوپێش چوونی گۆڕانکاری‌یە سیاسی‌یەکانی داهاتووی ئێراندا، جێگا وشوێن وگرینگی‌یەکی تایبەتی هەیە.

٤ی ژانویەی ٢٠٠٢ رێکەوتی ١٤ی بەفرانباری ١٣٨٠ی هـ.